بەغدا بنەمای شەراکەت و تەوافوق دەخاتە مەترسییەوە

کوردستانیش بە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی بەهار و نەورۆز وەڵام دەداتەوە

ئایا تەوافوق و هاوبەشیی نیشتیمانی لەمەترسیدایە؟

خەبات: محەمەد زەنگەنە

لەکاتێکدا لەبەغدا بەناوی زۆرینەوە جارێکی دیکە هەوڵی زوڵمکردن لەکورد دەکرێت وکار بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریزم دەکرێت، گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان بەیادکردنەوەی سەروەرییە مێژووییەکانی دەیەوێ پەیامێکی ڕوون بۆ دەسەڵاتدارە تاکڕەوخوازەکانی بەغدا بنێرێت بەوەی هیچ هەوڵێکی لەمجۆرە کاریگەریی بەسەر کورد دا نابێت وهەرێمی کوردستان هەمیشە خاوەنی قسە و هەڵوێستی خۆیەتی و هیچ کاتێکیش بەمجۆرە هەڕەشانە ناڕوخێت، ئەم قسانەش ئەمڕۆ بەکشانەوەی وەزیرانی کورد لە حکوومەتی عێراق سەلمێندرا کە یەکەمینجارە بەمشێوەیە بە ئامادەنەبوونی وەزیرانی دوو پێکهاتەی سەرەکیی حکوومەت کۆبوونەوەکەی بەڕێوەبچێت کە لەخۆیدا پرسیارێک دروستدەکات بەوەی : ئایا حکوومەتی عێراقی دوای سەددام دەیەوێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە خاڵی سفر؟

کوردستان ....یادی ئادار و نەورۆز

بەیادکردنەوەی سەروەرییە مێژووییەکانی بەهاری کوردی کە لەساڵی 1991ئەم گەلە بووە یەکەمین گەلی ناوچەکە کە بەیەکبوونی ڕیزەکانی و گوتاری سیاسیی پێکهێنەرانی بەرەی کوردستانییەوە لەدژی دیکتاتۆرییەت ڕاپەڕێت، کوردستان وهەولێر بەگشتی بەهاری ئەمساڵەی دەستپێکرد وبەجیهانی نیشاندا کە سەقامگیری وئارامیی شارو شارۆچکەکانی ئەم هەرێمە لەجیاتی ئەوەی خەڵکی خۆی کۆچی لێبکەن وبەجێبهێڵن وای کردووە خەڵکانێکی زۆر لەدەرەوەی ئەم هەرێمەوە بێن وتیایدا ببنە میوان، یەکێکیش لەو یادە هەرە گرنگانەی کە ساڵانە هەولێر فستیڤاڵی گەورەی بۆ دەکات یادی ئازادکردنی شاری هەولێرە لە 3/11/ 1991کە لەگەڵ یادی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری ساڵی 1970کە دانی بە مافی سیاسی و کولتووری بۆ گەلی کورد تیایدا نرا هاوکاتە.

لەڕێورەسمی کردنەوەی فستیڤاڵ، چەندین نمایشی هەڵپەرکێ وسەمای تیپە بەشداربووەکانی کوردستان ودەرەوەی کوردستانی بەشداربوون ئەم فستیڤاڵە پێشکەشکرا و چەندین گۆرانیی کوردی لەلایەن هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە پێشکەشکرا. بەشداربووانی ئەم فیستیڤاڵە هەموویان بەپێکەنینەوە پێشوازی لەمیوانانی دەرەوەی کوردستان دەکەن وبەهەموو جیهان دەڵێن ئەوەتا ئێمە هەین، سەفین دزەیی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ خەبات وێڕای پیرۆزباییکردنی لەخەڵکی کوردستان بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆز هیوای خواست ناخۆشییەکان تەنها وەکو یاد بمێننەوە و دووبارە نەبنەوە بەڵکو ببنە مێژوو وعیبرەتێک بۆ نەوەی ئایندە ونابێ تەنها ئەسیری ڕابردوو ببین بەڵکو ئایندەیەکی پڕ لەسەروەری دروستبکەین وهیواشی خواست خەڵکی کوردستان بەبێ هیچ ناخۆشییەک یادی نەورۆزی ئەمساڵ بکاتەوە.

هەڕەشەکان کاریگەریمان لێناکەن

سەعدی پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پێی وابوو ئەگەر کوردستان بەمێژووی خۆیدا بچێتەوە و تەنها یادی ئەو ڕۆژانە بکاتەوە ئەوا دەبێ پێنەکەنێت چونکە کورد هەڵبەز ودابەزی زۆری بینیوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت وگوتی: جاران تاکی کورد ڕێگایەکی لەگۆڕستان بوو بۆ ناشتنی ڕۆڵە شەهیدەکانی و ڕێگایەکی دیکەی لەمقاوەمەت و زەماوەند وخۆشیی سەرکەوتن بوو ،ئێمە بەرگری لەمافەکانی خۆمان دەکەین وهەمیشەش یادی بۆنە نەتەوەیی ونیشتیمانییەکانی خۆمان دەکەین.

خانەوادەی شەهیدان هەمیشە لەیادن

ئەگەرچی کورد هیچ کاتێک خۆیان نەکردۆتە دیلی ڕابردوو بەڵام هیچ کاتێکیش خوێنی ئەو ڕۆڵانەی لەیاد ناکات ، ئارام ئەحمەد وەزیری کاروباری شەهید و ئەنفالکراوان لەلێدوانێکیدا بۆ خەبات نیشانیدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو بۆنەیەکدا یادی شەهیدان دەکاتەوە و ئاشکرایکرد لەپارساڵەوە بەهۆی گەشەسەندنی ئابووری وسیاسیی هەرێمی کوردستانەوە خزمەتی یەکجار زۆر لەجاران پێشکەشی خانەوادەی شەهیدانی کوردستان کراوە بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوی لەزیاترە و دەیەوێ ژیان وگوزەرانی شەهیدان بەرەو پێشتر بخات.

بازیاتر کورد بناسین

نێردە دیپلۆماسییەکانی نێو هەرێمی کوردستانیش کە بەشدارییان لەفستیڤاڵەکەدا کرد ئاماژەیان بەوەدا بەشداریکردنیان لەو یادانەدا لەگەڵ برایانی کوردیان دەیسەلمێنێت کە کورد گەلێکی گەورەیە و کولتوورەکەی دەوڵەمەندە ، عەبدوڵلا تونەیجی کونسوڵی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان گوتی:کورد بەو فستیڤاڵە خۆی زیاتر بەجیهان دەناسێنێت ودەیسەلمێنێت گەلی کورد گەلێکی دەوڵەمەندە و بەو بەشدارییەی ئێمە زیاتر شارەزا دەبین بەوەی کولتووری کورد چۆن بوو ئێستا چۆنە، هەر بە هەمان بۆچوون فایز خوری کونسوڵی ئەردەن لەکوردستان نیشانیدا ئەو فستیڤاڵانە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێت کورد کێیە ودووپاتیکردەوە کولتوور یەکەمین فاکتەری بەهێزکردنی پەیوەندیی مرۆیی نێوان گەلانە ، بەڵام نەزمی حەزووریی کونسوڵی فەلەستین لەهەرێمی کوردستان هیوای دەخواست تیپی مۆزیکی لەفەلەستینەوە بەشداریی ئەو فستیڤاڵە بکات و تێکەڵییەکەی نێوان هەردوو گەلی کورد و فەلەستین زیاتر بە پتەوی ڕەنگبداتەوە.

ئەگەرکانی کشانەوەی کورد لە بەغدا

ئەگەری کشانەوەی کورد لە بەغدا مەسەلەیەکی زۆر زیندووە کە لەناوەندە سیاسی ومیدیاییەکاندا باسیان لێوە دەکرێت و بەڵام ئایا کشانەوەکەی کورد بەیەکجارەکییە لەبەغدا وگەڕانەوەیە بۆ کوردستان و بایکۆتکردنی تێکڕای پرۆسە سیاسییەکەیە یاخود کشانەوەیە لەو حکوومەتەو پێکهێنانی حکوومەتی دیکەیە؟

لەمبارەیەوە د.ئەشواق جاف پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ نیشانیدا هەڵبژاردەکان زۆرن بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە، ودووپاتیکردەوە ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەگەر کورد کشایەوە چ فاکتەری ئیجابی وچ فاکتەری سلبیی دەبێت بەوپێیەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان وەکو لیستەکانی دیکە نین وکورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە ونیشانیشیدا بڕیاری تەواوی کشانەوە پێویستیی بە گفتوگۆیە لەنێوان لیستە کوردستانییەکان ، ئاشکراشیکرد لەبەغدا ئەمڕۆ بیری حکوومەتی زۆرینە دەکرێت کە ڕەنگە لەڕووی دیموکراسییەوە ڕاست بێت بەڵام لەعێراق دیموکراسییەتەکە دەمامکدارە و ڕاستەقینە نییە وناکرێ لەم بارودۆخەدا جێبەجێبکرێت بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا ودووپاتیکردەوە بەکشانەوەی کورد حکوومەتی عێراق لەنگ بووە وئەگەر دوای کشانەوەی کورد وعێراقییە و تەیاری سەدری لەو حکوومەتە کشانەوە ئەوا بێگومان لەڕووی تەوافوی ودەستووریشەوە حکوومەتێکی پەککەوتوو دەبێت.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیش قسەی خۆیان هەیە

هەر دوێنێش ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی ویست وخواستەکانی کورد بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە. لەم بەیاننامەیەدا کە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەپایتەخت لەهۆتێلی چوارچرا پێشکەشکرا عەدنان ئەنوەر بەگ سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی کوردستان ئەوەی دووپاتکردەوە کە پێویستە هەموو لایەک لەوە ئاگاداربیت پشتگوێخستنی داواکارییەکانی کوردستان هێڵی سوورە و پێشینەیەکی ترسناکە لەسەر ئایندەی عیراقێکی یەکگرتوو ، هەروەها پشتگیریی خۆیان بۆ هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان نیشاندا و داواشیان لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد لەو حکوومەتەی ئێستا عیراق بکشێنەوە و پێویستە سنورەکانی هەرێم قایمتر بکرێن، بەتایبەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ،چونکە پاراستنی خەڵکی ناوچەکە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەزانن. داواشیان لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرد ڕێکخستنەکانیان لەئامادە باشیدابێت بۆ پشتیوانیکردنی هێزی پیشمەرگەی کوردستان لەهەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراودا.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ خەبات:

سەرژمێری گشتی چارەسەریی هەموو ئەو گرفت و جیاوازییانە دەکات کە لەئامارە جیاجیاکاندا رادەگەیەنرێت

دیانە: فریاد محەمەد:

سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ خەبات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بە پێی ئامارەکان تا کۆتایی ساڵی 2012زیاتر لە 5ملیۆن کەس لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئەو ئامارانەی باسیشی لێوە دەکرێ لەئەنجامی کارەکانی تیمەکانی گەمارۆسازی و ژمارەدانان بووە کە لە هەر دوو ساڵی 2009 ئەنجامدراوەو لە ساڵی 2010ش نوێ کراوەتەوە، هێماش بۆ ئەوە دەکات بەدەستهێنانی ئەو ژمارانە بەشێوەیەکی زانستی بووەو نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندی ئاماری عێراقیش پەسەندی کردوون.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەبارەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گوتی: وەڵامی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە تا ئێستا سەرژمێری گشتی لەعێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەنجام نەدراوە ، ئەوەی باس دەکرێ هەمووی تەقریبیە، ئەو ژمارانەی باسی لێوە دەکەین لەسەر بنەمای پرۆسەی گەمارۆ سازی و ژمارەدانان ساڵی 2009 بووەو ئەو پرۆسەیە لەساڵی 2009 ئەنجامدراوەو لەساڵی 2010ش نوێ کراوەتەوە بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری کە لای هەموو لایەک ڕوونە ئەنجام نەدرا، ئێمە لەساڵی 2009 بەپێی ئەو پرۆسەیە کە بریتیە لە تیم و نزیکەی 23هەزار کەس سەردانی خانوو و شوقە و باڵەخانەو بگرە بینایەی بەتاڵیشیان کردووە بۆ ئەوەی بزاندرێ هیچ کەسی تێیدایە یاخود نا و لەدەرگای ماڵەکانیان داوەو پرسیار کراوە لەو کەسەی دەرگایەکەی کردۆتەوە ئەو ماڵە بەناوی کێیەو چەند سەر خێزانن ئەو کەسە وەڵامی داوەتەوەو ئەوەش نوسراوەو فۆرم و داتاپێسەکانیش ئامادەیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەکمان بۆ دەرچووەو لە مانگی تەمووزی ساڵی 2009 ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو پرۆسەیە نزیکەی 4ملیۆن و 700 هەزار کەسە، کاتێک دەڵێین هەرێمی کوردستان شارۆچکەکانی مەخموورو قەزای خەبات و ناحیەی فائیدەو سەنتەری شێخان و چەند ناوچەیەکی تریش دەگرێتەوە، ئەو ناوچانە لەڕووی ئیدارییەوە ئێتسا حکوومەتی عێراقی هەژماری ئەوە ناکات لەسەر هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەڕووی کردەیەوە هەم ئێمە پرۆسەکەمان ئەنجامداوە هەمیش بوودجەی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە دەڕوا تەنانەت بۆ شاری کەرکووکیش دەڕوا، لەساڵی 2010 کاتێک پرۆسەکەمان نوێ کردەوە لەمانگی 8دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ 4ملیۆن و 900 هەزار کەس زیاد بوو بەو ناوچانەشەوە کە باسم، لەنێوان ئەم دوو ساڵە نزیکەی 200 هەزار کەس زیاد بووەو ئەمە تەنیا ئەوە ناگرێتەوە، کە خەڵک منداڵی بووە، بەڵکو ئێمە هەموو خەڵکێک دەژمێرین و تەنانەت دەزانین زۆرێک لە خەڵک لەناوچەکانی تری عێراق هاتۆنەتە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی نیشتەجێ بوون. ئێمە ئاماری ئەوانەمان لا نییە چەند کەسن ڕەنگە ئەمە لای وەزارەتی ناوخۆ هەبێ ئەمانەش لەسەری زیاد دەکەین، بۆیە لەم دوو ساڵەدا ئێمە ڕێژەی گەشەسەندنمان دەرهێناوەو ڕێژەی گەشەسەندنەش وای لەئێمە کرد کە بزانین بە شێوەی خەملاندن ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەو ناوچانەی کە باسم کرد نزیکەی 5ملیۆن و 300 هەزار کەسە لە کۆتایی ساڵی 2012بەڵام ئەگەر سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێ ڕەنگە ئەو ژمارەیە کەم یاخود زیاد بێ.

سەبارەت بەبوونی جیاوازیش لەئاماری وەزارەتی بازرگانی عێراق و هەرێمی کوردستان سیروان محەمەد محیەدین گوتی: لەعێراقیش وایە و ئەو جیاوازییە هەیە و ئێمە دەزانین خەڵکانێک هەیە لەسەرەتا پسولەی خۆراکیان گەڕاندۆتەوە ناوچەکانی خۆیان و پاشان بە هۆی خراپ بوونی دۆخی ئەمنی بە بەتایبەتیش لای هەمووان ڕوونە بەوەی لەزۆرێک لەناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دۆخەکە تێکچوو لە دوای ساڵی 2006ەوە ئەم خەڵکانە پسولەی خۆراکیان هەر لەناوچەکانی خۆیان ماوەتەوە بەڵام بۆ نیشتەجێ بوون گەڕانەوە هەرێمی کوردستان، ئێستا کاتێک هەژماری دەکەی لەهەرێمی کوردستانن، بەڵام پسولەی خۆراکیان هەرێمی کوردستان نییە، هۆکارێکی تر ئەوەیە هەر دوو وەزارەتی بازرگانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵێن ئێمە پشت بەوە دەبەستین کە هاووڵاتیان خۆیان سەردانمان دەکەن و ئێمە سەردانی کەس ناکەین، واتە ئێمە ناتوانین خەڵک تۆمار بکەین بۆیە ڕەنگە خەڵک هەبوو بێ سەردانیانی نەکردبێ یانیش مردوو تۆمار نەکراوەو ڕەنگە هەندێک کەس تۆماریشی بکات بۆیە ئەوانە نازانین، لەبەر ئەو هۆکارانە ئەگەر مشتومڕ هەبێ لەسەر ژمارەی دانیشتووان تەنیا یەک چارەسەری هەیە ئەویش سەرژمێرییەو هیچ چارەسەری تری نییە.

لەبارەی بوونی فۆرمی خۆراک تاکە پێوەرە بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووان، سیروان محەمەد ڕایگەیاند: پێوەری پسولەی خۆراک بۆ هەموو شتێک نییە، بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن تۆماری دەنگدەران هەیەو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دروستی کردووە بنەماکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2007بۆ وەزارەتی بازرگانی کە فۆرمی خۆراکیان هەبووە و ژمارەکەیان بە کۆمسیۆن داوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئێمە هەموومان دەزانین هەر هەڵبژاردنێک کە ڕوویدابێ پێشتر و لەداهاتووش ئەنجام دەدرێ پشت بە ژمارەکانی دەستەی ئامار یان ناوەندی ئامار لەعێراق دەبەستێ. ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن ڕەنگە ئاگاداری دۆخەکە نەبوو بن، ئەوەی ڕوویداوەو ئەوەی ڕووشدەدا پشت بە تۆماری دەنگدەران دەبەستن و بنەماکەشی فۆرمی خۆراکەو هەر وا بووەو هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە کە بە بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق بووە، بۆیە ژمارەی دەستەی ئامار و ناوەندی ئاماری عێراق بۆ ئەمە بەکار ناهێندرێ و بۆ ئەمە بەکار هاتووە نە بەکاریش دەهێندرێ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گوتی: ئەگەر بێتو سەرژمێری گشتی لەعێراق ئەنجام بدرێ بە دڵنیاییەوە دەگەینە ژمارەیەک کە ڕەنگە ئەو ژمارانە ئێستا بە جۆرێکی تر باسی لێوە بکرێ و من ناتوانم تەئکید بکەمەوە، کە ژمارەکان چۆن حیسابی بۆ دەکرێ، بەڵام دەتوانم یەک شت بڵێم ئەویش ئەوەیە ئەگەر سەرژمێری ئەنجام درا هیچ کەسێک مافی نافەوتێ لەبوونی لەعێراق و هەرێمی کوردستان، ئەگەر سەرژمێرییەکی دروستیش ئەنجام بدرێ دەزانین ئەو ژمارانەی لەبەشێک لە پارێزگاکانی عێراق باسی لێوە دەکرێ ئەم ژمارانە دەردەچن وا نییە و هۆکاری تریش ئەوەیە ئەوان نایانەوێ لەئێستا سەرژمێری ئەنجام بدرێ. ئەویش دەزانن قەبارەی ڕاستی کورد لەعێراق نەک لەهەرێمی کوردستان چونکە لە کوردستان کێشەیان نییە، بەڵام لە پارێزگاکانی کەرکووک و ناوچەکانی تر کە ئێستا لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن ڕەنگە ئێمە بە 7ملیۆن بخەملێنین، ئەگەر هاتوو قەبارەی کورد دەرکەوت ئەوکاتە کێشەیەک بۆ عێراق دروست بکات بەوەی تا ئێستا دەیوت ژمارەی کورد لەوە کەمترە کە باس دەکرێ، بۆیە دووپات لەئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێک ڕاستی و قەبارەی خۆی بزانێ، شتێکی تریش ماوە باسی بکەم ئەو ژمارانەی ئێستا لەئاکامی گەمارۆسازی و ژمارەدانان سەرجەمی لەسایتی دەستەی ئامار بڵاو کراوەتەوەو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووکان و ناوەندی ئاماری عێراقیش پەسەند کراوە، واتە ئەو ژمارانەی باسی دەکەین یاخود هەندێک جار گومانی دەخرێتە سەر ئێمە دەزانین چۆن دەرمان کردووەو دەشزانین چۆن داکۆکی لەدەرکردنی دەکەین لەڕووی زانستیەوە.